# بنەماکانی ئاکار لە ڕوانگەی سوود و قازانجی هەندەکی و بەرژەوەندی هەمەکییەوە

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەڵاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

١ – کێشەیەک لە کێشە سەرەکییەکانی فەلسەفەی ئـاکاری مۆدێـرن، پرۆسـەی هەڵسـەنگاندنە! ئـەم چالاکییـە ڕووبـەڕووی چ خـاڵ و لایەنێـک دەکرێتەوە؟ کـردار و کار و ئەنجامەکانـی کـە لەلایـەن مرۆڤـەوە پیـادە و جێبەجـێ کـراون؟ یان هەڵسـەنگاندنەکە ڕوو لـە پێـوەر و بنەمـا ئاکارییـەکان دەکات و ئۆباڵەکـە بـە ئـارێ و نـارێ دەخاتـە ئەسـتۆیان؟ وەڵامدانەوەکە ئەگـەر دوا ئامانجـی کاری مـرۆڤ لەبەرچـاو بگـرێ (سـوود و قازانـج بـە هـەردوو ڕەهەنـدی تـاک و کۆ، یـان بەختـەوەری تـاک و کۆ بـێ) سروشـت و ئاراسـتەی ڕێبـازە جیاوازییەکانـی فەلسـەفەی ئـاکار دەستنیشـان دەکات.

– ڕێبازێکـی بەربڵاوی فەلسـەفەی ئاکار ئاراسـتەی سـوود و قازانجـی گشـتییە کـە بەهـۆی پێـوەری سـەربەخۆی سـوود و قازانجـی کار و کـردارەوە ئەرکـی ئاکارییانـەی سەرشـانی مـرۆڤ کـە بـە کـردەوە بەرجەسـتەی دەکات، دیـار و دەستنیشـان دەکرێ! ئـەو هەڵوێسـتە لـەوەوە سـەرچاوە دەگـرێ کـە پێوەرەکـە ڕووبـەڕووی کار و کـردار دەکرێتـەوە چـی لـێ دەکەوێتـەوە و بنەمـا ئاکارییـەکان پشـتگوێ دەخرێـن و بـە هەنـد دانانرێـن.

لاری لـەوە نییـە کـە هـەردوو ئاراسـتەی ئـەو ڕێبـازە، ئـەوەی ئەنجـام بـە گرنـگ دەزانـێ و ئـەوەی تریـان کـە ڕوو لـە بنەمـا ئاکارییـەکان دەکات، ناتوانـن ئـەو کێشـەیە بـە تەواوەتـی

بەلایەکدا بخەن:

ئەگەر جۆرە جیاوازی و ناکۆکییەک لە نێوان ئەو ئەرکانەدا دەرکەوت کە دەبێ مرۆڤ بچێتە ژێرباری جێبەجێ کردنیانەوە، کام لەو ئەرکانە بڕیاری پیادەکردنی دەدرێ؟ پشت بە چ پێوەرێک دەبەسترێ؟ دەکرێ ئەرکی جیاواز و کرداری جیا سوود و قازانجی وەک یەکیان لێ بکەوێتەوە؟ بڕیاری هەڵبژاردن لە نێوان بژاردەی شیاوەکی جیاوازدا سووک و ئاسان نییە، چونکە بنەمای هەڵبژاردنەکە لە خۆیدا دەبێ بە کێشە!

– ئەو ڕێبازە پتر مۆرکی دەڤەری ئینگلیزی زمانی پێوە دیارە کە لە ئەزموونەوە سەرچاوە دەگرێ. سوود و قازانج بەرانبەر بە بەختەوەری دادەنێت و هەردووکیان دەخاتە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە:

ئیتر ئەو تیۆرییە کە سوود، یان بنەمای بەختەوەری کردووە بە بنجوبناوانی فەلسەفەی ئاکار، هەر لە بەرانبەریاندا وشە چەمکی چێژ دادەنێ و وای بۆ دەچێ کە کار و کردار، ڕەوشت کاتێک خەسڵەتی ئاکاریان دەخرێتە پارسەنگەوە ئەگەر هاتو ببنە مایەی بەختەوەریی (١)، بەڵام بە تەواوەتی ڕوون نەکراوەتەوە سروشتی ئەو بەختەوەرییە چۆن و چ کاتێک بە مرۆڤێک دەگوترێ بەختەوەر؟

ئایا ئەمە ڕەوشێکە گیانییە، یان لەشی مرۆڤ بەختەوەرییەکە هەست پێ دەکات؟ ئەمەیە مەبەست لە دوو ڕەهەندی بەختەوەریی گیانی و لەشی.

هیچ گومان لەوە ناکرێ کە مرۆڤ لە ژیانیدا بە قۆناغی جیاوازدا دەگوزەرێ، هەندێک جۆری دڵخۆشی و شادمانی و چێژتن لەلای بایەخدارتر و بە بەها و خوازراوترن، ئەم ڕەوشەش بە گشتی لە بنەمای سوود و قازانج دانابڕێ و جیا ناکرێتەوە، خۆ ئەگەر مرۆڤ لە کارێکدا بەرژەوەندی خۆی تێدا نەبینێ و هەست بە سوود و قازانجەکەی نەکات، بێگومان دەستی بۆ نابات و نایکات! کەوابوو سوود و قازانج و بەرژەوەندی تایبەتی لە ژیاندا پشکی شێریان بەردەکەوێ! ئەوی لێرەدا دەپرسێ: ئایا ئەو سوود و قازانج و بەرژەوەندییەی مرۆڤی تاک لە چ ئاستی سوود و قازانجی گشتی – کۆمەڵگەدایە؟ دەکرێ هەردووکیان بە یەکەوە بگونجێن و پێکەوە بێنەوە؟ یان ئەوەتا ناکۆکی و جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە و جاروبار لە یەکتری دەچنە سەنگەرەوە؟

٢ – ئەگەر گازندەی دوورکەوتنەوە لە ژیانی مرۆڤ بخرێتە پارسەنگی زانست و تەکنۆلۆجی سەردەم و تاڕادەیەکیش فەلسەفە، ئەوە فەلسەفەی ئاکار هەرگیز دەستبەرداری مرۆڤ و ژیان و کار و کردار و ڕاز و نیاز و مراز و ڕەوشتی نابێت.

لەلای خۆیەوە مرۆڤ وەک چۆن بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، ناتوانێ دەستبەرداری سروشت (دەوروبەر) ببێ. بەو پێیە ڕەوش (دۆخی) مرۆڤ لەلایەکەوە لە سروشتی مرۆڤ خۆی و لەلایەکی دیکەوە لە سروشتی شمەکی دەوروبەرەوە جیا ناکرێتەوە، ئەوجا کار و کردار بە هەردوو لایەنی چاکی و بەدییەوە، هەر بەو بارودۆخ و بنەمایەوە دیار و دەستنیشان دەکرێن، بۆیە دەکرێ بڕیار بدرێ کە پشت ئەستوور بەو ڕەوشەی مرۆڤ، مەودای کار و کرداری مرۆڤ و ئۆباڵ کێشانەکەی بەبێ دوودڵی و سێ و دوو لێ کردن دیار و ئاشکرا و ڕوون و ڕەوانە! بەڵام ئەو بڕیارە لەو ڕاستییە کاڵ ناکاتەوە کە مرۆڤ، بە تایبەتی کار و کردار و ڕەوشی بەپێی هەلومەرج، بەرژەوەندی، گۆڕانی بەسەردا

دێت و پەرەدەستێنێ! ئەمەش دەبێتە مایەی لە بابەتی ئاکاردا گۆڕان و هەموار کردنەوە سەرئاوبکەون (٢)، بەڵام پرسیارێک هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە و وەڵامدانەوەی سووک و ئاسان نییە: کامیان بە هەند وەربگیرێ: بابەتەکانی خواستی مرۆڤ، یان بنەما و ڕێنماییەکانی؟ لاری لەوە نییە کە هەست و سۆز و (شعووری) ئۆباڵکێشان ئەو ئامرازەیە (کارکردەیەیە) خود و بابەت بە یەکەوە بەند دەکات و کار و کرداریان لێوە دەکەوێتەوە، بەڵام لەم کایەیەدا (لە فەلسەفەی ئاکاردا).

ئۆباڵکێشانی بابەتییانە لە هەست و شعووری خودییانەی ئۆباڵکێشان جیا دەکرێتەوە، ئیتر ئەمە بە مەبەستی توێژینەوە و تاووتووکردن بێ، یان مرازێکی تری لە پشتەوە بێت، بە هەمان پێوەر دەکرێ لە چوارچێوەی ئاکاردا قسە لە بابەتەکانی خواست و ئامانجەکانی بکرێت! ئەگەرچی ئەم هەلاواردن و جیا کردنەوەیە پتر باری سەرشانی توێژەر و تاووتووکردنەکە قورستر دەکات، بەڵام گۆم چەندە قووڵتر بێ، ئەوەندە مەلەکردن تێیدا خۆشترە!

– ئەگەر ئەو ئەنجامەی کردار ئۆباڵکێشانی بەدوادا بێت، ئەوە هۆکار و ڕەهەندی قانوونی هەیە کە لە سنووری ئاکار دەچنە دەرەوە، ئیتر بکەر هۆکاری کارەکەی و ڕازونیازی هەرچی و هەرچۆنێک بووبێ، دەبێ ئۆباڵەکە بکێشی، (بە باوەڕی من وشەی بەرپرسیارێتی ڕەسەن نییە) خۆ ئەگەر ئەنجامی کردارەکە نارێ بوو، دەبێ زیانەکان بژمێرێتەوە، یان دووچاری لێپێچینەوەی قانوونی ببێ، بەو پێیە دەکرێ قسە لە ئۆباڵکێشان (لێپێچینەوەی) ئاکار و قانوونی بکرێ کە جیاوازی نێوان مافی هاووڵاتی و مافی تاوانکار ڕەنگ دەڕێژێ! ئەو بابەتە پتر بەلای دادوەر و قانووندا هەنگاو هەڵدەگرێ و لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئاکار دەچێتە دەرەوە، بەڵام ئۆباڵکێشان هیچ لە سروشت و گەوهەرەکەی لە دەست نادات، ئیتر بەرانبەر بە کرداری تاک بێت کە لە خواستی ئازادەوە کەوتووەتەوە، یان ئەنجامی گرێبەست بووبێ کە لەنێوان مرۆڤ و لایەنێکی دیکەدا بەسترابێت.

– ئاکاری مۆدێرن، بە تایبەتی بابەتی ئۆباڵکێشان و چوونە ژێر باری ئەنجامی کار و کردار و لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی کەسانی دیکە لە کۆمەڵگەدا (بەزمانی فەلسەفە – نا من) لەگەڵ بنەمای ڕووداوە ئایینییەکاندا نایەتەوە، بە تایبەتی ئەو بەسەرهاتانەی لە تەوراتی مووسا (جوولەکە)دا قسەیان لێ کراوە. (ئایەتی وزرو وازرەی قورئان) ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە، ئەوجا بەپێی هەموو بنەمایەکی کولتووری مرۆڤایەتی، مرۆڤ بۆی هەیە، پشت ئەستوور بە ویژدان، گوێڕایەڵی هیچ فەرمانێکی دەسەڵاتی مرۆڤی نەبێ، ئەگەر ناچاری بکات کارێک بکات، بە پێچەوانەی ژیر و لۆجیکەوە بێت و لەوە دڵنیابێت کە کارەکە ناڕاست و چەواشەیە.

بەسەرهاتەکەی ئادەم و حەوا، (تەورات بە ئەڵمانی، سفری پەیدا بوون ٣: ٥) تاوانەکەی قابیل (لە تەوراتدا قایین) بەرانبەر بە هابیلی برای، تاوانی کوشتنێکی ئاشکرایە، کەچی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچووە. یاخی بوونی شەیتان و چالاک بوونی بۆ تەفرەدان و لە خشتەبردنی مرۆڤی سادە و ساکار. بەسەرهاتەکەی ئەیووب وەک تەورات باسی کردووە. بە هیچ بنەمایەکی ئاکار پاساو نادرێتەوە، چونکە مەڕ و بزن بە قاچی خۆیان هەڵدەواسرێن.

لە تەوراتدا هاتووە پەیامبەرێک خواستوویەتی

کوڕە بێ تاوانەکەی خۆی سەربڕێ و بیکات
بە قوربانی بۆ ڕەب بۆ ئەوەی ڕەب لێی ڕازی
ببێ، بەپێی بنەماکانی ئاکار ئەمە پەرستن و
دڵسۆزیی بۆ ڕەب نییە، بەڵکوو خۆپەرستییە.
بۆ ئەو کوڕە بێ گوناحە سەربببڕدرێ! باشە
ئەگەر ڕەب ئەو قوربانییەی پەسند کرد،
سەربڕینی مرۆڤێک چۆن پاساو دەدرێتەوە!

٣ – هیچ لاری لەوە نییە کە پێوەندی نێوان هەردوو بابەتی بەها و ڕاستیی (هەقیقەت) کێشەیەکی ئەکادیمییە و بابەتی تاووتوێکردن و لێکۆڵینەوەیە لەلایەن هزرمەندانەوە. هەردووکیان سەر بە دوو کایەی لە یەکتری جیاوازن. سروشتی ڕاستی و بڕیار (حوکمی) بەها دووڕەنگییەکی ڕەهان، ئەمەش جیاوازی نێوان ڕاستی وەک بەهایەکی زانستی کە سروشتی بابەتی هەیە و ڕاستی بەهای ئاکاریی کە سروشتێکی خودی هەیە کە لە پوختە و گەوهەری هەردوو بابەتەوە کەوتووەتەوە.

زانست لە خۆیدا لە گەڕان بەدوای ڕاستیدا بەولاوە شتێکی دیکە نییە! دەکرێ ئەو بۆچوونە وا لێک بدرێتەوە کە بەها ئاکارییەکان ئەو شتانە دەرنابڕن کە بەسەریاندا جێبەجێ دەکرێن، بەڵکوو بریتین لە هەست و نەستی ئەو کەسەی بڕیاری هەڵسەنگاندنەکە دەدات! بەڵام ناکرێ ئەو بڕیارە بە هەند نەگیرێ کە چەندان خەسڵەت لە شمەک و کار و کردار و ڕەوشتدا هەن کە مرۆڤ سروشتی بەهایان دەداتە پاڵ! بەڵام ئەو گومانە هەر لە ئارادا دەبێ: چ کەسێک ئەو بڕیارە دەدات و لەو بڕیارەیدا پشتی بە چ پێوەر و بنەمایەک بەستووە؟! ئەوجا کەی و چ کاتێک دەشێ ئەو بڕیارە بە ئارێ، نارێ بدرێت، یان مرۆڤ خۆی لە بڕیاردان بپارێزێ و ڕەوشەکە بخاتە نێوان دوو کەوانەوە، ئیتر دەکرێ جۆرە تەباییەک لەنێواندا هەست پێ بکرێ کاتێک مرۆڤ ڕاستییە بابەتییەکان (فاکتەکان) هەڵدەسەنگێنێ، بەڵام ئەمە لە کاتی دیاریکردنی هەڵوێست لە بەرانبەر بەها ئاکارییەکاندا هەست پێ ناکرێ! چونکە بابەتی هەست و شعوور و ویژدان بە بنەمای ژێر و لۆجیک پاساو نادرێتەوە. شتێک لە ئارادا نییە، بە پێچەوانەی زانستەوە، پێی بگوترێ سەلمێنە و گومان هەڵنەگری ئاکارییانە کە باوەڕی ئاکاریی پێ پشتڕاست بکرێتەوە.

– بابەتی ئاکار داهێنانی پێکەوە ژیانی مرۆڤە لە کۆمەڵگەدا، ئەو ڕەوشە ((لە تێکڕایی (هەمەکی) و بەردەوامبوون و دوارۆژ))دا بەرجەستە بووە کە دەکرێ بە سێ چەمک دەرببڕدرێ:

بوون، بەختەوەری، گەوهەری مرۆڤ، ئەمە چی دەگەیەنێ و چی لێ شین دەبێ؟

بەپێی گەوهەری مرۆڤ، کە بنەمای دوو چەمکەکەی دیکەیە، مرۆڤ لە ژیان و کۆمەڵگەدا یەکسانن، ناشێ و ناکرێ بەبێ هیچ بنەمایەک بە چاوی جیاواز تەماشایان بکرێت. لەلایەکی ترەوە هەر بەو پێوەرە دەقێک، دەسەڵاتێک نییە لەخۆیدا پیرۆز و نەگۆڕبێت، تەنانەت دەقی ئایینی و شەریعەتی ئایینە ئیبراهیمییەکان ڕێگەیان داوە کە دەبێ کات و جێگە و ڕەوشی لە ئارادابوو لەبەر چاو بگیرێن و تێکستەکان کە لافی پاکی و پیرۆزی لێ دەدەن، دەکرێ ئەوانە لەنێویاندا بژێر بکرێن و پەنایان بۆ ببرێ گونجاون – بەپێی سەردەم و سوود و قازانج و بەرژەوەندی مرۆڤ دەستەبەر دەبن، تەنانەت دەستکاریکردنی هەندێک تێکست و شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی بە جۆرێک لەگەڵ گیانی سەردەمدا بگونجێ و بێتەوە، ئەگەرچی (بیدعە حەسەنەش) بێ پێداویستی ژیان

پاساویان دەداتەوە.

- ئازادی بە هەردوو جۆریەوە، قەدەر و چارەنووس لەگەڵ بنەمای ناچاریی (حەتمییەت — دیترمەنیزم) ئەو کۆسپانەن کە بەرەوپێش چوونی فەلسەفەی ئاکار دووچاری هەڵوەستە و کێشە و رامان و هەندێک جار خۆبواردن (خودداری کردن) لە بڕیاردان دەکەن.

ئایا دەشێ شت بەبێ هۆکار ڕووبدات؟ کەواتە ئازادی لێرەدا چ واتایەکی دەمێنێ؟ ئەگەر چارەنووس و قەدەر و ناچاریی دەرفەتی هیچ جۆرە گومانکردنێک نەدەن، لێپێچینەوە و ئۆباڵکێشان چییان بۆ دەمێنێتەوە؟ سەرگەردانییەکەش یەخەی فەلسەفەی ئاکار دەگرێتەوە. بە هیچ جۆرێک ئازادی ئۆباڵکێشان لەگەڵ چارەنووس و ناچاریی نایەنەوە و پێکەوە هەڵناکەن، یەکێکیان ئەوی دیکەیان پەک دەخات. بەپێی بنەمای ئاڵتەرناتیڤی شیاوەکییەکان کاتێک مرۆڤ ئاکارییانە دەچێتە ژێرباری ئاکاری ئەو کارەی کردوویەتی و ئۆباڵکێشان دەکەوێتە ئەستۆی ئەگەر هاتو چەند بژاردەیەک (ئیختیار — ئۆپشنێک) لەبەردەمیدا بوون و یەکێکیانی هەڵبژارد و کردی، ئیتر ئەگەر ڕەوشێک، هەلومەرجێک مرۆڤ ناچار بکات شتێک بکات، بژاردە و دەسەڵاتی نەبێ، نەیکات، یان شتێکی دیکە بکات نە ئازادی و نە ئۆباڵکێشان لە ئارادا نامێنن(٣)! ئەوەی سەیر و سەرنج ڕاکێشە، فەیلەسووفی ناوداری وەک دێڤید هیوم (١٧١١ — ١٧٧٦ز) و ئیمانۆییل کانت (١٧٢٤ — ١٨٠٤) باوەڕیان وابووە کە بنەمای ناچاریی لە سروشتدا کارایە!.

- لەلایەکی دیکەوە، لەچوارچێوەی ئۆباڵکێشان و لێپێچینەوەدا قسە لە دوو جۆر ئازادی دەکرێ کە ئەو دابەشکردنە پتر خەسڵەتی ئەکادیمی هەیە و مەبەستیش تاووتوو و لێکۆڵینەوەیە:

**یەک:** ئازادی بێ سەروبەر و هەڕەمەکی (شپۆنتان). ئەو جۆرە بریتییە لەو سەربەستییەی بەرانبەر ناچاریی و توندوتیژیی و تۆبزی و بەربەستدا بەرگە دەکرێ و ڕێگری لێ ناکرێ. بۆ نموونە هەندێک جار مرۆڤ بەبێ ئەوەی پێشتر مەبەستی بووبێ، یان بە نیاز بووبێ کارێک دەکات، بڕیارێک دەدات، بەڵام ئەنجامەکەی بە ئارێ، نارێ، لەبار، نالەبار، بکەرەکە پابەند دەکات بچێتە ژێر باری ئەو ئەنجامەی کەوتووەتەوە.

**دوو:** ئازادی بێ جیاوازیی (یان جیاوازیی نەبوون): ئەمەیان بە پێچەوانەی یەکەمەوە بەهۆی بنەمای هۆیەکی (هۆکار و ئەنجام) پەکی دەکەوێ و کارا نامێنێ.

ئازادی جۆری یەکەم لە هەندێ ڕەوش و هەلومەرجدا دەستەبەری ئەوە دەبێ بکەر بچێتە ژێر باری دەرکەوتەی کردارەکەی، بەڵام جۆری دووەمیان هەر بەناو سەربەستییە و خوازراویش نییە. ئازادی و بنەمای هۆیەکی ناچاریی بە هیچ جۆرێک پێکەوە هەڵناکەن، بوونی یەکیان ئەوی تریان ڕەت دەکاتەوە. ئایینیش بە تایبەتی لە هەرسێک بابەتی شەریعەت و زانستی کەلام و فەیلەسووفە موسڵمانەکاندا، نەیتوانیوە ئەو کێشە پرسیارە یەکلایی بکاتەوە، هەوڵەکەی ئەشعەری کە بە تیۆری (کەسب) ناسراوە هەنگاوێکە بۆ گەڕانەوە بۆ دواوە هەڵگیراوە. ئەگەر هەموو شتێک لە چارە نووسرابێ، ئازادی چی بۆ دەمێنێتەوە؟

٤ — بەو پێیە ئازادی بە هەرجۆرێک لێک بدرێتەوە، هەر مەرجی سەرەکی ئۆباڵکێشانە لە بابەتی ئاکاردا، ئیتر ئەو کارەی کراوە، یان ئەو بڕیارەی دراوە ئامانجی ئاشکرا، یان شاراوەی لە پشتەوە بووبێ، یان ڕووبەڕووی

بەربەستی ناوەکی (ناخی دەروون) و دەرەکی بووبێتەوە! هیچ مرۆڤێکی ناتەواو (لەمێشک، لەش)ـە، یان مەبەست و بێ ئاگا، بە دەگمەن نەبێ ناچنە ژێر باری لێپێچینەوەوە.

– لەلایەکی ترەوە بوونی چەند بژاردەیەک، چەند دەرفەتێک لە یەک کاتدا بۆ هەڵبژاردن و بڕیاردان، بابەتەکە پتر تەمومژاوی دەکات. لێرەدا نموونەکەی (گوێ درێژی) فەیلەسووفی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست (بۆریدان) دەهێنێتەوە یاد، گوایە ئەو زیندەوەرە چەند جۆرە ئالف (ئالیکیان) لەبەردەم داناوە، یەک بە یەک تەماشای کردوون و سەری لێ شێواوە کامیان هەڵبژێرێ و بیخوات؟ ئەو نموونەیە ئەو بژاردانە دەگرێتەوە کە وەک یەک بن، یان لە یەکتری بچن! ئەگەر گشت دەرفەتەکان وەک یەک بن، ئەوکاتە جیاواز نابن و دەکرێ بە یەک شت تەماشا بکرێن! ئەوجا بڕیاردانەکەش ئەو سەختییەی لەبەردەمدا نامێنێ! ئیتر ئەو پرسیارە کاڵ دەبێتەوە: کام چەمکی ئازادی ئۆباڵکێشان دەکات بە پێشمەرج و مەرجی سەرەکی؟

– ئەگەر ئێستای لە ئارادا بوو کێشەی لەگەڵ پێوەندی ئازادی و ئۆباڵکێشان و چارەنووس و بنەمای ناچاریدا هەبێ، دەکرێ ئەو گریمانەیە پەسند بێ کە دوارۆژ کە تا ئێستا نەهاتووە، هەر ئەو ڕەوش و هەلومەرجانە بیگرنەوە! ئەوجا پرسیارێکی دیکە کە هەمیشە یەخەی توێژەری بابەتی فەلسەفەی ئاکار دەگرێتەوە.

ئەگەر ئازادی ئەو ڕۆڵە سەرەکییە بگێڕێ، باشە هاندەری کار و کردار و بڕیار کە خەسڵەت و سروشتی ئاکارییانەی هەبێ، سوود و قازانج و بەرژەوەندی لێ کردنە، یان چاکەکارییە؟! هیچ گومان لەوەدا نییە ئەگەر مرۆڤێک ئەوپەڕی ڕۆشنبیر و چاکەکار بێ، یان ئیماندار بێ، ئەگەر پێشییانە بەرژوەندی خۆی لە کار و کردارێک نەکردبێ و ئەوەی لەبەرچاو نەبووبێ کە سوود و قازانجەکەیان وەک ئەنجام لە زیان پترە، نایکات و بیری لێ ناکاتەوە، دووریش نییە ئەو سوود و قازانجە ڕەوا بن.

– لە هەرسێک ئایینە ئیبراهیمییەکەدا هاتووە:

چاکەکاریە ئەگەر چاکەت بە دەستی ڕاست کرد، با دەستی چەپ پێی نەزانێ! ئەمە چۆن لێک دەدرێتەوە؟ بە باوەڕی من جۆرە سوود و قازانج و بەرژەوەندی لێ کردنێک دەکات بە پێشمەرج! چۆن؟

مەبەست لەو چاکەکارییە لە ڕازی کردنی ڕەب بەولاوە شتێکی دیکە نییە، ئەو ڕازی کردنەش لە خۆیدا سوود و قازانجی چاکەکارەکە لەبەرچاو گیراوە. پەیامبەرە عیبرییەکەی تەورات بۆ ویستی قوربانی بە جگەرگۆشەکەی بدات و بێ تاوان سەری ببڕێ؟ بۆ ئەوەی ڕەبی مووسا لێی ڕازی بێ. ئەگەر ئەمە خۆپەرستی و سوود و قازانجی خۆی تێدا نەدیبێ، بە هیچ شێوازێک نە لێک دەدرێتەوە نە پاساو هەڵدەگرێ! بۆیە من وای بۆ دەچم کە سوود و قازانج و بەرژەوەندی لێ کردن هەمیشە لە پشت چاکەکاری و (خێر و ڕەندەوەیە). خۆ ئەگەر سوود و قازانجەکە دارایی و دەسەڵات و موڵک و ماڵ نەبێ، ناوبانگ دەبێ، ئەمەش لەو سنوورە ناچێتە دەرەوە. دوور نییە لێرەدا بگوترێ: مەبەست و ئامانجی کار و کردار لە نیاز و ڕازی چاکەکاری جیاوازترە؟ هەردووکیان بە دوو ئاراستەی سەربەخۆدا هەنگاو هەڵدەگرن! دوور نییە وەڵامەکە بەو جۆرە بدرێتەوە کە: ڕاستە لە یەکتری جیاوازن، بەڵام هیچیان لە سوود و قازانجە خوازراوەکە لانادەن، بەڵام چاکەکاریی دەکرێ وەک ئامراز تەماشا نەکرێ،

بەڵكوو وەک پشکێک لە ئامانج دابنرێ کە جۆرە بەختەوەرییەکی دەروونیی لێ بکەوێتەوە، بەڵام کار و کردار لە چوارچێوە گشتییەکەدا ئامرازن بەرەو ئامانجی نەخشە بۆ رێژراو، کەوابوو لەو ڕەوشەدا چی بۆ خواستی بەختەوەریی دەمێنێتەوە؟

– لە هەندێک ئاراستەی فەلسەفەی ئاکاردا پێ لەسەر ئەوەدا دەگیرێ گوایە ژیان ئامانجێکی هەیە، ئەویش خۆشی و چێژ و لەش ساغییە، هیچ ئامانجێک لەوە چاکتر نییە کە خواستی مرۆڤ (دڵ) دەیخوازێ و خەمی بۆ دەخوات و هەوڵی پێگەیشتنی دەدات. چاکەکاریی لەو کایەیەدا پشکی شێری بەردەکەوێ، چونکە بکەرەکەی هەست بە تام و چێژ وەرگرتن و خێر و خۆشی دەکات و مۆتەکەی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و ئێش و ئازار و وەی دەرەوێتەوە. ئەگەر ژیانی بێ وەی دوا ئامانج نەبێ، ئەوە کەمتر نییە. ئەو ژیانە جیاوازە لەوەی لە پارەوپووڵ و موڵک و ماڵی دنیا و هێز و دەسەڵات ئامانجی سەرەکی بەدی دەکات! ئیتر بەختەوەری لەخۆیدا، ئەگەر کڵۆڵی و دڵتەنگی بەدوادا نەیەت، دوا ئامانجی ژیانە، چونکە ئامراز نییە بەرەو شتێکی دیکە. ئەم بەختەوەرییە چییە و چۆنە، وەڵامەکەی بەپێی ڕێباز و ئاراستە و فەلسەفە جیاوازەکان بە جۆری جیاواز دەدرێتەوە! خۆ ئەگەر لە وردەکارییەکاندا جیاوازی بۆچوون لەو بارەیەوە هەست پێ بکرێ، لە چوارچێوە گشتییەکەدا لەیەکچوونێک بەدی دەکرێت، ئەگەر بەختەوەری دوا ئامانجە، بەڵام لەخۆیدا ئەوەیە دڵ دەیخوازێ، ئیتر ئەو خواستنە لە بابەت و شتی جۆربەجۆردا بەرجەستە کراوە و بەدی دەکرێت. کورت و کرمانجی سوود و قازانج لە گشت ئەو کایە و دەڤەر و پاوانانەدا گەرموکوڕیی خۆیان لە دەست نەداوە، چونکێکم سروشتی مرۆڤ لە خۆیدا (بەتەبیعەت!) بەو جۆرەیە کە ئەوە دەخوازێ بەشێک بێت لە بەختەوەریی، یان ئامرازێک بێت بەرەو بەختەوەریی (٤). ئەگەر بەختەوەری دوا ئامانج و خواستی مرۆڤ بێت، دەکرێ خۆیشی بکرێت بەو پێوەرەی ڕاستی و ناڕاستی کار و کردار و ڕەوشی مرۆڤی پێ هەڵبسەنگێنرێ! ئەوجا ببێ بە بنەمای کارای فەلسەفەی ئاکار لە چالاکییەکانیدا.

– لەوەی گوترا، گازندەی ئەوە دەکرێ کە حەز و ئارەزوو و خواست و ڕەزامەندی تێکەڵاوی یەکتری کردوون، ئەوە بە هەند دانەنراوە کە هەر یەکێک لەمانە خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، مرۆڤ حەزی لە شتێکە، بەڵام دڵی شتێکی دیکە دەخوازێ. زۆر جار و بگرە هەروایە، مرۆڤ کۆشش دەکات مەبەست و خواستی بەدی بهێنێ، بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە ڕەزامەندییەکەی لەو بارەیەوە چەندە و چۆنە! خواست (ئیرادە) حەز کردن نییە و لێوەی جیاوازە. یەکەمیان درێژخایەنە و ئەوی دیکەیان مەودا کورت و کەم خایەنە لەوەی حەزی لێیەتی.

– خواست لە خۆیدا بنەمایەکی کارایە و حەز و ئارەزوو کاتێک پەسند دەبن کە خواست لایەکیان لێ بکاتەوە و بە پلەی دووەم دێن و مەرج نییە وەک خواستی ئازاد پشت بەهۆش و هۆشیاری ببەستن. مرۆڤ حەز لە شتێک دەکات و ئارەزووی بۆ دەبزوێ، چونکە خواست (ئیرادە) دەیەوێ و دەیخوازێ! بەڵام زۆرجاریش ئەو خواستە کارایە لەبەردەم دابونەریتی کۆمەڵایەتی لە ئارادابوو خۆ بە دەستەوە دەدات، چونکە ئەویش وەک سەرجەم کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ ناکرێ پابەندی ئەو ڕێوشوێنانە نەبێ کە کۆمەڵگە نازناوی (دابونەریتی) بۆ داناوە. ئایا

ئـەو دابونەریتـە لەبەردەم خواسـتدا بـە چ دادەنرێت: بەربەست، هـۆکار، هانـدەر؟! زۆرجـار هەڵکەوتـووە مـرۆڤ نەیویسـتووە و نەیخواسـتووە شـتێک بـکات، بڕیارێـک بـدات، بـەڵام نابـەدڵ لەبـەردەم دابونەریتدا لـە کەلـی شـەیتان هاتووەتـە خـوارێ و کردوویەتـی! جارێکـی دیکـە بیرکردنەوەکـە دێتــەوە سـەرەتا و کێشــەی خواسـتی ئـازاد و بەختەوەریـی قــووت دەبنــەوە!

– کێشـەیەکی دیکـە کـە هـەر گەرموگـوڕی خـۆی لــە دەســت نــەداوە، قســەکردنە لــە دوو جــۆر خواســت:

**یـەک:** خواستی چاکەخـواز بەرانبـەر بـە چێـژ و حـەز و ئـارەزوو.

**دوو:** خواسـتی بـەدکار بەرانبــەر ئێـش و ئـازار و زەبوونــی.

ئەگـەر خواسـت بـۆ خـۆی لەنێـوان دووبـەرەدا جاروبـار گیـری خواردبـێ: بـەرەی حـەز و ئـارەزوو، بـەرەی دابونەریتــی کۆمەڵایەتــی، چـۆن دەتوانــێ پـردی پێکـەوە هاتنـەوە لـە نێوانیانـدا هەڵبەسـتێ و ڕووناکییـەک لەبەردەمیـدا بـەرەو ئاسـۆی بڕیـار و هەڵبـژاردن بـەدی بـکات؟

**سەرچاوە و پەراوێز:**


1 – John Stuart Mull: Der Utilitarismus. Reclam. 18461. Stuttfart 2006. S.23ff.

2 – Hans Jinas: Das Prinzip Verantwortung. St. 1085. Frankfurt am Main 1984. S15.

3 – Harry G. Frankfurt: Alternative Moglichkeiten und Moralische Verantworung. Reclam 19578. Stutgart 2019. S. 9. ff.

4 – John Stuart Mill: Ebenda. S. 117. ff.